# نامەیەک بۆ بەهەشت

**کورتەچیرۆک و پەخشان**

باران

٢٠٠٦

ناوی کتێب: **نامەیەك بۆ بەهەشت**
جۆری کتێب: **کورتەچیرۆك و پەخشان**
نووسینی: **باران**
سکێچەکان: **باران**
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: **باران**
هەڵەبڕی ڕێنووس: **دیاکۆ**
چاپی: **سوید – ٢٠٠٦**

A letter to paradise
Short novel and prose

**By: Baran**

ISBN: 91-976404-4-1
Kitab-i Arzan
Helsingforsgatan 15
164 78 Kista – Sweden
Tel & Fax: +46 8 752 77 09
E-mail: info@arzan.se

بە

ئەوان


و

ئێوە

پێشکەشە!

گرنگە بتوانین خۆمان بین!

# زایەڵەی پارچەپارچەبوون



من
سالانێکە میزەڵانێک لە گوێچکەما
دەتەقێتەوە ...
هاوار دەکەم، دەنوشتێمەوە،
کوت
کوت
و
پارچە پارچە
جەستەی ئەو کۆ دەکەمەوە ...

تەقی
پارچەپارچە بوو!
تۆپی ژێر تایەی ئۆتۆمبیلێک نەبوو کە تەقی، نا،
دڵی بیمار و ئۆقرەبڕاوی عاشقێک نەبوو کە پارچەپارچە بوو، نا.
پێ دەچێ ئەمجارە کڕنووش بۆ پەیکەری خواوەند نا، (کێل)ێک بەرم.
نا هیچ دوور نییە ئەمجارە لەگەڵ دوانووشتاندنەوەمدا، چی دی ئەگەر بە دەنگی ئەو نەبێ سەر هەڵنەبڕم.
ناڵەی حەزێکی ناکامە، ئەگەر بڵێم ئیدی لەگەڵ تەقینەوەی کانیاویشدا نائومێدی دەبارێنم.
بۆ لەمەودوا بە بیستنی هەر زرمەیەک، (نـــــا) دەکەمە نەیزەکێک و بە پانتاییی گشت گەردووندا دەیکشێنم.
بریا پێڕادەگەیشتم بەر لەوەی پارچەپارچە بن، لەبۆ سەری هەر خەونێکتان (کڵاو)ێک بە دیاری بێنم!

تەمەنێک بەر لە ئێستا، هەر کە لەسەر سووچی کۆڵانەکەوە دەرکەوت، بە کاسکێتەکەیدا ناسیمەوە و دەستە میزەڵانەکەی ملی بۆ لای خۆی کێشی کردم، نۆ ساڵان دەبووم، ئارەزوویەکی گەورەم بۆ میزەڵان دەرچاندن هەبوو، ئەو دەستانە چەندین میزەڵانی بە قەبارە جیاواز بوون، بە کارتۆنێکەوە شۆڕ بوبوونەوە و هەریەك ژمارەیەکی لەسەر بوو، فرۆشیاری میزەڵانەکان پەتیان بە کارتۆنەکەوە دەبەست و دەیانکردە ملیان، هەر دەستەیەك میزەڵانیش (دەستە)یەک ژمارەی داپۆشراوی لەگەڵدا بوو، بە هەڵبژاردنی هەر ژمارەیەك میزەڵانێکت بۆ دەردەچوو، لە ناوەڕاستی میزەڵانەکاندا میزەڵانێکی زۆر گەورەی تێدا بوو، خەونی هەموو منداڵان بوو.

نزیك بووەوە و بە بزەیەکەوە وتی: "چۆنی؟"

من کڵاوەکەیم لە سەری ڕفاند و بە قیژە و هاواری یاریکردنەوە ڕام کرد تا ڕاکات بە دوامدا. ئەو هێواش هێواش بۆ لام دەهات و

بە دەنگێکی پچڕ پچڕ دەیوت: "نا توخوا، بەس ئەو کڵاوە نا ..."
درەنگ لە نهێنیی هۆگربوونی ئەو بە کڵاوەوە گەیشتم! ئەو کاتانەی بۆ قۆشمە کڵاوەکەیمان لێ بزر دەکرد، بێـوێنە نارەحەت دەبوو، بە دۆزینەوەشی یەکڕاست لەسەری دەنا و هێندەی دەربازبوونی دیلێك لەدەست چەتە، هێور و ئاسوودە دەبوو. من درەنگ پەیم بەوە برد، کە سێبەری کڵاوەکەی سەر ڕوخساری ئارامترین پەناگەی بوو. ئەو پێی وا بوو گەر کڵاوەکەی لەسەردا بێت، کەس بە بێداریی نازانێت، کەس گوێبیستی قریشکەی زامەکانی نابێ و کەس کەلێنی جلوبەرگە دڕاوەکانی نابینێت. وای دەزانی بێ ئەو کڵاوە، دەبێتە گاڵتەجاڕی منداڵان، دەکەوێتە ژێر ڕەحمەتی بەزەییی چاوچنۆکەکان، بڕوای  وا بوو بەبێ بوونی ئەو کڵاوە لە سەریدا، مانی لە مەترسیدا بێ، خۆزگە ڕەنگزەردە ترساوەکانی تێکەڵی (با) بێ و چی گریانی شەوەتەنیاکانی هەیە ئاشکرا بێ!

نهێنی لە خودی کڵاوەکە خۆیدا نەبوو، (کاسکێت)ێکی ئاسایی ڕەنگسپی بە تۆز بواردوو بوو، بە دەزووی سوور و ڕەساسی، شێوەی سێبەری پڵنگێکی هەڵپەکاری لەسەر چنرا بوو، من هەمیشە وام هەست دەکرد، ژێر کڵاوەکە لانەی پڵنگێکی برسیی بریندار بێت، بۆیە لەگەڵ ڕفاندنیدا دەستوبرد دەمزریکاند، تـا بمتوانیبا ڕام دەکرد. بەڵام ئەو پەیوەندییەکی دەروونیی لەگەڵ کڵاودا بەستبوو، کاسکێتەکەی لەجێی چەتر، ماڵ، نیشتیمان و دایکیشی بوو، کە هەر لە زووەوە کۆچی کردبوو.

کاسکێتەکەیم بڵـند هەڵدا، وەك کۆترێکی مەشقپێکراو لە شینایی ئاسماندا سەمایەکی ئەفسووناویی نمایش کرد، من وا دەهاتە بەر چاوم پەرییەك بێت، بە کراسێکی کورتی سپییەوە لە نێوان زەوی و ئاسماندا سەمای مەرگ و ژیانی دەکرد، پاشان وەك ستایشی ئەو بکات، چەند جارێك لە نزیکیەوە خولی خوارد و چەمییەوە، دواجار لەسەر سەری نیشتەوە! دەستی برد پێشی کاسکێتەکەی

لە ناوچەوانی توند کرد، ئاهێکی بە بزرکاندنی وشەی (ئـۆخـەی)ـەوە هەڵکێشا و بە چاوی پڕ لە ترس و دڵنیاییی تێکەڵەوە:-

+ ئێستا وەرە میزەڵانێکی جوان بە نسیبی خۆت بکە.

- با میزەڵانە گەورەکەم بۆ دەرچێ، توخوا میزەڵانە گەورەکە.

+ میزەڵانە گەورەکە بۆ کەس دەرناچێ، چونکە ژمارەکەیم لە لیستەکە دەرهێناوە.

- ئەوە فێڵە، گوناهبار نابیت؟

+ هەموو میزەڵانفرۆشەکان وا دەکەن، ئەگەر وا نەبێت میزەڵانە گەورەکە زوو بۆ یەکێك دەردەچێ و ئیتر هیچ منداڵێك نایەت میزەڵانە بچووکەکان دەرچێنێت. وەك داوای لێبووردن بکات، بە ماتی هێدی هێدی دەستی بە ڕوومەتمدا هێنا و:

+ میزەڵانە گەورەکە دەبێت تا سەرفبوونی دوایەمین میزەڵان بە کارتۆنەکەوە بێت.

- ئەی دوایی میزەڵانە گەورەکە بۆ کێ دەردەچێت؟

+ پێم وتی بۆ کەس دەرناچێت، دوایی بە نرخێکی گرانتر دەیفرۆشینەوە!

بە پەنجە ئاماژەی ژمارەیەکم کرد، لەگەڵ هەڵگێڕانەوەیدا وەک بلێی خۆم لە ڕاستیی نەبوونی ژمارەی میزەڵانە گەورەکە لە لیستەکەدا گێل کردبێ و چاوەڕێی پەرجووی دەرچوونی بم، دەموت ئەی بەخت یاوەرم بە! پەکوو میزەڵانێکم بۆ دەرچوو هێندە بچووك و ئەستوور بوو، بە هەموو هێزی خۆمەوە فووم تێ دەکرد، کەڵکی نەبوو. ئەو لێی وەرگرتم، بە هەڵکێشانی هەناسەیەکی قووڵ، هەوایەکی زۆری لە سییەکانی و هەردوو گوپیدا کۆکردەوە و فوویەکی قایمی کردە میزەڵانەکەوە، بەڵام بەقەد گلۆپی بنێشتێك هەڵتۆقی و وەك بلْقی پێستێکی سووتاو فش بۆوە!

ئەو ڕۆژە میزەڵانەکەی بۆ گۆڕیم بە میزەڵانێکی برۆنزیی جوان، قەبارەشی زۆر گەورەتر بوو لەوەی بۆم دەرچووبوو، دڵم بە میزەڵانە تازەکە زۆر خۆش بوو، فوویەکی زۆرم تێ کرد، زۆر گەورە بوو،

بەردەوام هەر فووم تێ دەکرد، لە ئاکامدا بە دەموچاومدا تەقی، پارچەپارچە بوو ... چیتر بەرچاییی بەیانیم پێ نەخورا، بۆ کڕینی نان هاتبوومە دەر، کاتێ ئەوم لەسەر سووچەکەوە بینی. زرمەی تەقینی میزەڵانەکە کاسی کردبووم، چاوێکم لەسەر پارچەکانی بوو کە لە ئینجانەیەکدا کۆم کردبوونەوە، دوو دەنک چوالەم تێیدا ڕواندبوو. نیگایەکیشم لای ئەو بوو، کاتێ بەرەوخوار ڕێی کرد و دوور دوور کەوتەوە، لە چاوم ون بوو.

زەمەنێک پاش تەقینی میزەڵانەکە، بەر لە دوادیدەن، لە ماڵی باوکی بینیم، ئەو کات لە سەرەتای تەمەنی لاوێتیدا بووین، گەندەموو ڕوخساری ئەوی تەڵخ کردبوو، دەیان زیپکەی ڕووخێنەریش سیمای من. چ ناحەقییەکە لە سروشتەوە، کە لەو دەمە ناسکەدا بەو شێوەیە دەتشێوێنێ، وەک بییەوێ لەو کاتەوە لە دزێوی ڕووی گەورەیی بتتۆقێنێ!!

ئەگەرچی ئەو ڕۆژەش وەک هەمیشە، سەرزاری بە ئازارەکان پێدەکەنیم، لە منداڵێکی لاسار و هەم گوێڕایەڵیشم دەکرد، کە تامەزرۆی بیستنی ڕووداوە ئەفسانەییەکان بێ و چاوقایمانە بییەوێ بگاتە کۆتایی. وەلێ دڵم توووند، چاوم لێوانلێو لە فرمێسک و ناخم گڕکانێکی بێئامان بوو، کاتێک ڕوانیم، بەو قرچەقرچی نیوەڕۆیە لە گەرماوەکەیاندا تەشتێکی گەورەی لە ئاو پڕ کردبوو، بەبێ تایت و سابوون کراسەکەی تێدا دەشت و بەدەم سەرزەنشتکردنی ڕۆژگارەوە، دڵی خۆی بەوە دەدایەوە کە بەس نییە ئاویشی دەست کەوتووە و وەک جارانی تر تەشتەکەی بە گریان پڕ نەکردووە! سانا نەبوو گوێبیستی گێڕانەوەی چەندین لێپرسینەوە و فەرتەنەپێگێڕانی کەسێک بم کە بە تۆمەتی خواردنی دوو هەنجیر بە تاوانبار ناوبرابێ و بە پەندی درشت و وردی خوشک و براکانی کرابێ!!

تەواو پەشۆکابووم، دەتوت تەمموزە و لە بەردەم کوورەی ئاسنگەرێکدا بە دیار

تواندنەوەی (پۆڵا)وە دەستەوەستان داماوم، زایەڵەی دەنگی پریشک و کڵۆی گەورەگەورەبوون، لە ئاگرەکەوە دەڕژانە هزر و چاوانمەوە، ئەمما بە دزەسڕینێ فرمێسکەکانم ونی تاریکیی گەرماوەکە کرد و تەنیا بە پێکەنینێکی خۆکرد وەڵامیم دایەوە ...

کراسەکەی لە تەشتەئاوەکە دەرهێنا و گوشیی، ئاوی ڕوونی لێ دەچۆڕی، چووین لە سەربان هەڵی بخا، وەك بڵێی تینووی قسەکردن بێت لە گێڕانەوەی باسەکان نەدەکەوت، دیار بوو جامی ناخی لیمان لیمان بوو لێی دەڕژا، بێ ئەوەی هیچی لێ بپرسم وتی: من دۆشەکڵەیەکی باریکی کورتم هەیە شەوانە لەسەری دەنووم، دەنوومی چی! حەرام! هەرچی پێی بڵێی خەو لەسەری نایەتە چاوم، ئەڵێی چی، نازداری ... نا، (پازدار)ی باجیم، ئەوەی پێ بڕیووم!

هەر ئەو ڕۆژە باسی خوشکێکیشی بۆ کردم، بەڵێ لە گەرمەی گێڕانەوەی گێژاوەکاندا، زەردەخەنەیەک سیمای ژیبیاندەوە و وتی

تەنیا ئەو، خەندەی خوشکم، ئەگەرچی منداڵە، لە چواری سەرەتایی دەخوێنێ، هەر ئەو خواردنم بۆ دێنێ و کەلوپەلەکانم ڕێک دەخا، بە کاکە (بێژان)یش بانگم دەکا، زۆرمان یەکتری خۆش دەوێ ...

بە درێژاییی قسەکردنی ئەو، من لە دوو کۆترم دەڕوانی کە بە شێوەی بازنەیەکی هێلکەیی لە ژوور سەرمانەوە دەخولانەوە، کە بێژان زانیی خۆزگەیان پێ دەخوازم و تامەزرۆی ڕامووسانیانم، فیکەیەکی بۆ لێ دان، هاتنە سەر دەست و شانی گیرسانەوە، پاش ئەوەی دەستم بە پەڕ و باڵیاندا هێنا و توند بە سنگمەوە نووساندن، بۆ ئاسمان هەڵیدانەوە ...

بێژان نەنکی ناوی ناوە، هەمیشە سەرقاڵی مانای ناوەکەی بوو، لەبەردەم خۆیەوە دەیوت: "بێژان! بێ ژان! واتە بەبێ ژان! بوونێك بەتاڵ لە ژان، هاهاها ..." بە قورگی پڕگریانەوە گاڵتەجاڕانە پێ دەکەنی و دەیوت: "ناوێکی نایابە"، ئاخر نەنە بەدبەختەکەم تۆیەك کە تاقە کچەکەت لە توندیی ژانی من بوونی

گیانی لەدەست دا، چما پەشیمان نەبوویتەوە لەو ناوەی بۆت هەڵبژاردبووم!
من لە بێژانم بیستووە، کاتێ دایکی سکی بەو پڕ بووە، نەنکی وتوویەتی: "ئەگەر کۆرپەکەمان کوڕ بوو ناوی دەنێم بێژان، ئەگەر کچیش بوو ناوی دەنێین تاژان." پێ دەچێ دایەخان بوونی کۆرپەیەکی کوڕی بە هەتوانی برینەکانی زانیبێ و بوونی کچێکیش بە لەدایکبوونی (تا) و ژان! لەهەمووشی ناخۆشتر بەلای بێژانەوە ئەوە بوو، کاتێک سکاڵایەکی لای نەنکی بکردایە، لە وەڵامدا پێی دەوت کوڕی خۆم ناشوکری مەکە، شانمان ئەوەندە هەڵدەگرێ! گالیسکەی ژیان ڕاکێشە و لە ڕێ لامەدە.

سەردەمێک هاتە پێش کە ئیتر یادەکان تێیدا فراوانتر بوون لە زەمەن. ئیدی مەزنبوون مانایەکی تری دابووە تەمەن ... دەمێ بوو لەگەڵ تەنیاییدا دەدوام، لەمێژ بوو ئەوم نەبینی بوو، تامەزرۆی دیدارێکی بووم، بەڵام، بە تۆمەتی

گەورەبوونم! دەستوور و یاسا ئێکسپایەرەکان ڕێی ئەوەیان پێ نەدەدام لەگەڵیدا بچمەوە کۆڵان، کڵاوەکەی بڕفێنم و بقریشکێنم لە خۆشیان. هەڕەشە و سەرکوتکردنەکان، ئاسمانیان لێ کردبوومە زیندان، فێری شەرمیان کردبووم، هەرگیز لەخۆم ڕانەدەبینی وەک جاران وەڵامم بۆ سکاڵا و ڕازەکانی تێڕامان و (خەندە)یەک بێ، شێتگیرانە پەست نەبم و دەست نەدەمە پڕمەی گریان.

لە پرسەی باوکی هاوڕێیەکم دەگەڕامەوە، دواجار کە بە ڕێکەوت بینیم، لەگەڵ برادەرێکیدا لە دەستپێکی ئەو شەقامە تەسکەدا وەستابوون کە پڕ بوو لە یادگاری شیرین و تاڵی منداڵی، لەو جێیەدا بوون کە میزەڵانەکەی لێ تەقی! هەرچەند بەویادا تێدەپەڕیم دڵم دادەخورپا، هەردوو چاوم دەنووقاند و بیرکردنەوەم دەبووە قاپێکی قەڵا لە دەنکە هەناری پەرشبووی دەم ڕەشەبا، زرنگانەوەی هەر زەنگێکی ئەو کوچانە، پەیامی ئاگادارکردنەوەی کەوتنەوەی سووتانی دەدا! گفتوگۆی زەوی

و ئادەمییەکانیان دەکرد ئەوان، دیارە من زۆر لە لایان نەوەستام، پاش سڵاوکردنێکی بەپەلە ملی ڕێگا تەنگەکەی پێشم گرت و جێم هێشتن. بەڵام تا ئێستاش زۆر جار بە خەیاڵ دەگەڕێمەوە لایان و درێژە بەو ڕستەیە دەدەم کە لە ماوەی ئەو چەند چرکەیەدا، لە دەمی هاوڕێکەیەوە بیستم؛ (ئەمانە شیری ئادەمییان خواردووە!! ئیدی چۆن دەبنە پێشەنگی هیوا و چاوەڕێی چۆن هەڵوێستێکی شاهانەیان لێ دەکەی؟ پێم بڵێ چۆن ...؟) واژەکانی بیرۆکەی خەمێکی دێرین و ماندوویان لام دەوروژاند، چەندین جاران دەکەوتمە بەراوردکردنی ئەستێرە و هەسارەکان، ئەم بەوان و ئەوان بەمان، شیکارەکان بە ئاسۆیی و بە ستوونی بەیانیان دەکرد کە ئەفسووس چەند نەگریسە (زەوی).

حەوت ڕۆژ دواتر و ئێوارەیەکی سوور، بە خوێنی دوو کۆتری بە بەردی دارلاستیک پێکراو ...

حەوت ڕۆژ دواتر و هەڵوەرینی دوو درەخت چوالەی بێئاو ...


دوای حەوت ڕۆژ، تەقینی (لوغم)ێکی چەند سووچ و پارچەپارچەبوونی دوو لاو ...
نەنکیم بینی، شیوەنی مەرگی (هەتوان)ی دەگێڕا، ئاسمانی پڕ کردبوو لە سکاڵا و چی دی شوکر نەبوو بە بەشی ... خەندەم بینی، بە چاوی خوێن تێزاوەوە دەدوا و (کلاو)ە بەجێماوەکەی ئەوی کردبووە باوەشی ... باوکیم بینی، دەروێشئاسا لە عەزرەتا هەڵدەپەڕی، خۆی دەدا بە تەرمەکەیدا و دەگریا بۆ بەختی ڕەشی ...
زۆر لەمێژە ئەو کارەساتە ڕووی داوە و کەسێ دەنگی نییە لێرە، لەو کاتەوە ئەو دەڤەرەم جێ هێشتووە و بینایی داهاتووم لێڵە، هەمیشە بۆ گەشتنە گۆڕەکەی، هەنگاوم ڕێبوارێکی وێڵە ...زۆر جار لە پەڕەیەکی نوێدا سەرلەنوێ باسەکان دەنووسمەوە، بە چەندبارە ژیانەوەم لەگەڵیاندا، دڵخۆشیی خۆم دەدەمەوە.
وەلێ زریکەی لەتلەتبوون، ئاوازێکی پڕ کەسەرە، بەردەوام بە گەرووم فێرە ... زایەڵەی پارچەپارچەبوون، دەنگدانەوەی هەرایەکە، سێ ژەمە گەدەمی پێ تێرە ...

ئاخر من ساڵانێکە میزەڵانێک لە گوێچکەما
دەتەقێتەوە ...
هاوار دەکەم، دەنووشتێمەوە، کوتکوت و
پارچەپارچە جەستەی ئەو کۆ دەکەمەوە...

٢٠٠٤/١٠

*ئیدی لەگەڵ تەقینەوەی کانیاویشدا*
*نائومێدی دەبارێنم.*
*بۆ لەمەودوا بە بیستنی هەر*
*زرمەیەک، (نـــــا) دەکەمە*
*نەیزەکێک و بە پانتاییی گشت*
*گەردووندا دەیکشێنم!*

# ئەراویلکەی باڵەکان



*لە تاریکی ئەمشەودا (تۆ)م باش،*
*کچە کاڵەکە!*

لە بیری ئەوەدا بووم کە سنوورێک بۆ سۆزم بکێشم، سەرقاڵی دارشتنی خشتەیەک بووم بۆ داهاتووم، دەمویست تا پێم بکرێت لە کەسایەتیم بگۆڕم، دەمخواست ڕەق بم وەک ڕاستییەکانی ژیان، بێباک وەک چنگی ڕەشی قەدەرە ناوازەکانی ئەوێی وڵات و ئێرەی تاراوگە، سەختتر لە هەڵوێستی کۆمەڵ و دۆستە خۆپەرستەکەم، گۆشەگیر دوور لە هەمووان تەنیایی هەڵبژێرم. لەو دەمەدا سەپاندنی بڕیارێکی بەو جۆرە بەسەر خۆمدا و دارشتنی پیلانێک دژ بە خۆم، گران نەبوو لە لام. ئەگەرچی زۆر ئاسانیش نەبوو بەڵام پێم وابوو ئەوەی کە هێزی دروستکردنیشی نییە، حەتمەن توانای ڕووخاندنی هەیە. گومانم لە ماناکانی ڕاستگۆیی و ویژدان دەکرد و ئەشمزانی کە ئەمە بیرۆکەیەکی بەتاڵە لە ژیری و ئەنجامەکەشی هیچ دەبێت! بەڵام دەمارگیرانە بۆ شتەکانم دەڕوانی و چارەنووسێکی بەدم بۆ خۆم دانابوو! ئاخر

لە خەونێک ڕابووبووم هەرەسی بە باوەڕم هێنابوو!
ئێوارەیەکیان، ئاوی گوڵەکانی باخچەکەم ئەدا و تۆوی ڕقم لە هزرمدا شین دەکرد! دانم بۆ پاسارییەکان ڕۆ دەکرد و خولیاکانی خۆم سەرکوت و دیل دەکرد! بەناچاری پێم بە گەڵا وەریوەکاندا دەنا و لەگەڵ دەنگی ئەواندا منیش بێدەنگ لە ناو خۆمدا هاوارم دەکرد و دەموت؛ کاتێک نەماوە بۆ پێداچوونەوە، درەنگە بۆ بیرکردنەوە، میوەکان بە درەختەکانەوە بەسەرچوون، چیمەنەکان زەرد هەڵگەڕان، کاڵ کاڵ کاڵ کاڵ بوونەوە!
لەو دەمەدا زەنگی تەلەفۆنە دەستییەکەم لێی دا، لەگەڵ کەسێك کەوتمە گفتوگۆ کە نەمدەناسی و نەشیدەویست پێم بڵێ چۆن ژمارەکەمی وەرگرتووە! ئەو بەردەوام ئەوەی دووپات دەکردەوە کە لە دوورەوە نزیك بە ژیان و کەسایەتیم ئاشنایە و مەبەستێتی بمدوێنێ! هەر لەویادا چەندین باسی جۆراوجۆرمان تاوتوێ کرد و وەك ئەوەی لە ساتە سەرەتاکانی

تەمەنەوە پێکەوە بووبین، ئاماژەمان بە درشت و وردی شتەکان دەدا و تاوێ لەسەرخۆ و تاوێ بە خێراییەکی بێوێنە بە ئاسمانی ئەندێشەدا دەفڕین. بەو شێوەیە چەند کاتژمێرێکمان بەسەربرد و بۆ ماڵاواییی پێی وتم؛ "لە تاریکیی ئەمشەودا تۆم باش، کچە کاڵەکە"، پاش داخستنەوەی تەلەفۆنەکە، هاتە بیرم کە بیرم چووبوو بپرسم ناوی چی بوو؟! بەڵام سەیر هەستم بە ئارامی دەکرد و بێسنوور ئاسوودە بووم. تاریکی باڵی کێشابوو، وەلێ من گزنگی نوورێك دییەی ڕۆحی دەترووکاندم، هەستی پەیبردنی ڕووناکییەکی ئێجگار مەزن لە جێیەکی ئەم گەردوونە نووتەکەدا، ژیانی بە خانە مردووەکانم دەدایەوە و نەشئەی لێکنانی پێڵووەکان و جووتبوونی برژانگەکانم نیگایەکی گەش و ڕامانێکی پڕڕەنگیان دەبەخشییە دووبارە هەڵهێنان و سەرنجی دوور و قووڵی چاوەکانم!

مۆبایلەکەم توند بە دەستمەوە گرتبوو، هەرچی ڕق و قینێک هەبوو فەرامۆشم

کردبوو، لە باخەکەدا هەر دەهاتم و دەچووم، دەسووڕامەوە، هەر لە خۆمەوە زەردە دەیگرتم و دەستم بە پەڕی ڕەنگاوڕەنگی گوڵەکاندا دەهێنا، لقەکانم ڕادەوەشاند و بۆنی نووستووی گوڵەکانم لەخەو هەڵدەستاند، ئاوی چیمەنەکەم دەدا و لەگەڵ چەهچەهەی پاساری و کەنارییەکاندا چەند بستێک قاچم لەسەر زەوی بەرز دەبۆوە و بەدڵ دەمچریکاند.

هەر بەو کەیف و بزێوییەمەوە باخەکەم جێ هێشت و چوومە ژوورەکەم، دەرگاکەم داخست و گڵۆپم کوژاندەوە، دوو مۆمم پێ کرد و بە ژوورەکەدا هاتم و چووم و خولامەوە، لەناکاو دەستم بە گوڵدانێکی خاڵیی سەر پەنجەرەکەدا کێشا و زرمەی کەوتن و هاڕەی وردبوونی بەئاگای هێنامەوە! بەڵام گوێم پێ نەدا و چووم کۆمپیوتەرەکەم هەڵکرد، وەرزی دووەمی زنجیرە مۆسیقای (چوار وەرزەکە)م خستە سەر و تا توانیم لەسەر نووکی پێ لەگەڵ خۆمدا دەستم کردەوە بە نەرمە سەما، ئەوجا بۆ حەواندنەوە لەسەر سیسەمەکەم

درێژ بووم و بۆ ئەوەی بنووم چاوم لێك نا، هێدی هێدی خەو لەگەڵ خۆی بردمی، جەستەم شل شل وەک مردن باوەشم پێدا بکات، سەدان وێنە بە مێشکمدا تێپەڕین، بێئاگا لەخۆم وشەی پچڕ پچڕم دەبزڕکاند و لێوەکانم دەکرۆشت؛

ئێستاکە چ ناکەم،
تەنیا دەنووم،
گەشتێکم لەبەرە،
جیهانێك نوور!

لەنێوان ئەم بڕگانەدا، دەنگێك لە هزرمدا زرنگایەوە، پێی وتم:

**"**لەم کۆچەدا، بەم گڕی خەم و بەم دڵی چرایەتەوە،
کاروانێك لە نوور دەست پێ بکا؛
یان دەسووتێی،
یانیش دەبییە شەبەنگێك لە مانا***"**

خەبەرم بۆوە، هێشتان هەر ڕاکشابووم کە چاوم کەوتە سەر جێگای چۆڵی گوڵدانە کەوتووەکەی سەر تاقی پەنجەرەکە و پارچە وردبووەکانی. تەماشای کۆمپیوتەرەکەم کرد بێتین داگیرساو بوو.

دڵۆپی تکاوی ساردەوەبووی مۆمەکان بەسەر مێزتەوالێتەکەوە لکابوون، خۆم و ئەم وێنانەی دەورووبەرم لە تابلۆیەکی پڕ هەرا و بێناونیشان دەچووین کە بەسەر دیوارێکەوە بێدەنگ هەڵواسرابێت!
دیمەن و ڕووداوەکانی دوێنێی باخچەکەم وەك خەونێك دەهاتە بەرچاو دیبێتم! خەونێکی گەش، وەلێ بەدواداچوون و لێکدانەوەیم ئاڵۆز دەهاتە خەیاڵ و بێ سێ و دوو کارتی مۆبایلەکەم دەرهێنا تووڕمدا و بڕیارم دا ئەو کەسە نەناسراوە لەبیر کەم.
کەوتمەوە گوزەراندنی ژیانی ئاساییم لەگەڵ کۆششێکی زۆردا بۆ پەیڕەوکردنی ئەو نەخشە دۆزەخییەی کە دامڕشتبوو بۆ گۆڕان لەسەر چۆنێتیی ژیان و کەسایەتیی خۆم!
ڕۆژەکان دەڕۆن، کەسانێك لەدایك دەبن و کەسانێك دەمرن، ژیان بەردەوامە و هێشتا منی هەر تێدام، ئا من ماوم و هەڵسوکەوت بە شتەکانەوە دەکەم، بەڵێ هەر نەبێ شتەکانی خۆم، ئەی ئەوە نییە خۆم بڕیار

دەدەم چی بخۆم، چی لەبەر بکەم، چۆن بڕۆم، سەیری چی بکەم، چی بخوێنمەوە، کەی بنووم، من هەموو ئەمانە دەکەم و ... ژوورەکەم! دەمەوێ ژوورەکەم چاك بکەم. زستان نزیك بۆتەوە، سیسەمەکەم دەخەمەوە لای پەنجەرەکە. من بە پێچەوانەی خەڵکەوە تامەزرۆی شەختە و زریانم، پێم خۆشە شەوانی زستان لای پەنجەرەکەوە بم و سەرمام بێ، دەمەوێ ئەو شەوانە لەو سروشتە ڕووتبووەی دەرێ بڕوانم و چاوم بە ڕەقبوونەوە ڕابێ، ڕوو دەدا لەو شەوانەدا سەیرترین وانەی خۆڕاگری فێر بم، توانای بەرگریم لە ئاست سەختیدا بگاتە ئەوپەڕی و شۆڕشی یاخیبوونم بەرپا بێ. هەر ئەمڕۆ شتەکانی ئەم ژوورە دەگۆڕم و چیتر دوای ناخەم، من دەمێکە نیازی ئەم گۆڕینەم هەیە، هەر ئێستا دەیکەم، سیسەمەکە لەلای پەنجەرەکەوە دەبێ و کتێبخانەکەش کەمێك لەملاتر و لە تەنیشتییەوە، مێزی نووسینەکەش لەو بەرەوە دادەنێم تا چاوم لە پەنجەرەکە و دیمەنی دەرەوە بێ کاتێ

دەنووسم، ئاخر ئەو کاتانەی دەبینم لە دەرەوە باران دەبارێ، منیش لە ناوەوە دەبارێم بەسەر خۆمدا، بەسەر دڵی خۆمدا کە هاوڕێی هەمیشەییمە و هەڵگری نهێنییەکانم.

وا هەموو شتەکانم چاك کرد، یەك کاڵا و یەك جێگا ماوە، بەڵام من نیگەرانم و نەمدەویست ئەوەیان لەویادا بێت! مێزتەوالێتەکەم، نامەوێ بەرامبەر بە سیسەمەکەم بێت! من سیمام شێواوی قەدەرێکە و لە حەوسەڵەیدا نەماوە ئامادەی قەیرانی ئاوێنە بێت. جا چجا ئاوێنەکەم بەرامبەر سیسەمەکەم بێت و یەکبینە و لە دەمی نووستن و بەئاگاهاتنمدا ڕوخساری خۆمی تێدا ببینم! بەڵام نا، قەی ناکا، چونکە تازە من بڕیارم داوە لەگەڵ دڵڕەقیی سروشتی دەرەوەدا لە جەنگدا بم، بۆیە دەبێت پێش ئەو جەنگە، جەنگێک لەگەڵ ڕووخساری ناو ئاوێنەکەمدا بکەم ...!

لەم هێنان و بردنی ژوورەدا کارتە کۆنەکەی مۆبایلەکەم بینییەوە! خستمەوە

سەر تەلەفۆنەکەم، تەماشام کرد پەیامێکی ئێجگار زۆرم لە ژمارەیەکەوە بۆ هاتووە کە نایناسمەوە! هەر زوو زەنگم بۆ لێ دا و پاش ناساندنی خۆم، لە ناوی ئەوان پرسیارم کرد، لە وەڵامدا بە دەنگێکی پڕحەسرەت و کزەوە وتی؛ "دیمانەت بەخێر، کچە کاڵەکە"! دیسانەوە بیستنی دەستەواژەی (کچە کاڵەکە) زرنگانەوەیەك بوو دوور دوور لە گوێمدا، کەسێکی لەناو یادەوەریمدا خەبەر کردەوە! پاش هەندێك قسەکردن، هاتەوە بیرم کە هەمان کوڕە نەناسراوەکەیە کە تەنیا جارێك بە تەلەفۆن قسەمان کرد و زۆرترین شادمانیمان بەیەکتری بەخشی ...! ئێستاکە هەردوو چاوم دەنووقێنم و هەوڵ دەدەم بگەڕێمەوە ناو ئێوارەی باخچەکە، دەمەوێ ئەو دەمە بێنمەوە یادی خۆم کە تەلەفۆنی کرد و منیش چەندە خۆشحاڵ بووم!! ئارامی بە دەمارەکانما گوزەر دەکا، هێور هێور دەبمەوە، هەستی بەرکەوتنی شنەبای ئەو ئێوارەیە دیسانەوە پێستم ختووکە دەدا،

لەڕێی دەنگیەوە ئاوپرژێنی چیمەنەکەم بیر دێتەوە و تویژاڵێک ئەشك سەر نیگای چاوەکانم دەگرێ، وەک ئەو ئێوارەیە لەسەر نووکی پێ دەکەومەوە سەما، بە وێنەی پەروانەیەکی کێوی ژوورەکە جێ دێڵم و دەفرم بەرەو دەرەوە، دەگەمە کەناری باخەکە و نوور لەژێر پێستمەوە دێتە دەرێ، شەوق دەدەمەوە.

ئیدی سەرتاپا ژیانم گۆڕا، بەیانیان بە خەیاڵی ئەوەوە خەبەرم دەبووەوە، ڕۆژێکی دوور و درێژم بە چاوەڕوانی هاتنی ئێوارەوە بەسەر دەبرد، چونکە هەموو ئێوارەیەك کاتی یەکتربینینمان بوو لەسەر ئینتەرنێت. ئێمە لە دوو وڵاتی جیا دەژیاین و بەرەوڕوو یەکمان نەدیبوو. هەموو پەیوەندییەکمان لەڕێی تەلەفۆن و ئینتەرنێتەوە بوو. شەوانە تا درەنگ چاتمان دەکرد. بەدەم بیرکردنەوەمەوە لێی لەسەر جێگاکەم پاڵ دەکەوتم و چاوەکانم قورس دەبوون، بە دەنگی هەر پەیامێکی ئەو بۆ مۆبایلەکەم ڕادەچڵەکیم! هەر لە شەوەکانی سەرەتاوە پڕ بووبووین

لە خەونی جوان، ئومێد دوو باڵ بوو لە سنگماندا ڕوابوو، گەیاندبووینییە ترۆپکی بەختەوەری و بەدیهێنان. هێندە قەشەنگ باسی لە پێکەوە ژیانمان دەکرد، وەك دوو خواوەندی خۆشەویستی هەستم بە خۆمان دەکرد ...! بەو جۆرە ساڵانێکمان بەڕێ کرد، تا ئێوارەیەك لە مانگی سەرماوەزدا من بە دیار کۆمپیوتەرەکەمەوە دانیشتبووم بەو نیازەی بێتە سەر هێڵ، ئەو تەلەفۆنی کرد و وتی کە ئێستا ئەو لەم شارەیە کە منی لێ دەژیم و دەیەوێ پاش نیو کاتژمێری تر لە جێیەکی دیاریکراو بمبینێ!!!!!

پێش ئەو گەیشتمە ئەوێ، لە سەرسووچی شەقامەکە وەستابووم و چاوەڕێ بووم بێ! ئێوارەیەکی تاریك بوو، بەو بینا بەرزانەوە چەند گلۆپێك کز دەسووتان، کەس بە دەرەوە نەبوو، تەنیا تارماییی کوڕێکم دەبینی لەو بەری شەقامەکەوە لە بەردەم دەرگای کۆگایەکدا دانیشتبوو جگەرەی دەکێشا! لە دوورەوە پێ دەچوو دیقەتم بدا و لە جێی خۆی نەدەجوولا!

دەکەوتمە دوودڵی و گومانەوە و لەگەڵ خۆم دەموت؛ بلێی ئەو بێ!؟ ئەی لەسەر چی وەستاوە! بۆچی نایێ؟ خۆم بچمە لای؟ نا، لەوە ناکا خۆی بێ! لەو کاتەدا و لە لایەکی ترەوە ئەو دەرکەوت، لە دووری چەند هەنگاوێکەوە کەوتە قسە و وتی:

- ببوورە، درەنگ کەوتم؟
+ نا!
- بینینێکی لەناکاوی بێ بەرنامەیە، بەڵام خۆشە، وا نییە؟ ئاخر من هەمیشە ڕقم لە خۆئامادەکردن و ئیلتیزاماتە، لێ گەڕێ کێوی بژین و قایل نەبین بەو ڕۆتینەی کە هەیە ...!
+ بەڵێ!

کەوتینە ڕێ و لەسەرخۆ هەنگاوەکانمان تاریکیی شەوی شەق دەکرد، نەغمەی دەنگی پڕحەسرەتی ئەو و چریکەی پڕویقاری من تاو نا تاوێ بێدەنگییان دەشڵەقاند و ترس و ڕاڕاییان پەت دەکرد. دەڵێی یەکەمین جارمە هاوشانی کوڕێك ڕێ دەکەم! نا پێشتر وەک ئێستا ڕووی

نەداوە لەگەڵم کە بتوانم بە دەم ڕێوە گوێم لە تەپە تەپی دڵی خۆم بێ و لە ئێوارەیەکی ناوەختی وادا، بە توێی کراسێکی ڕەشی تەنکەوە، هەست بە بەرزیی پلەی گەرمای جەستەم بکەم!

- ویستم بەر لە ونبوونم بتبینم!
+ ونبوونت؟!
- بەڵێ، پێویست بوو بەر لە تەفروتوونابوون، لە دیدارێکی گەرم و گوڕ و زیندوودا بتدوێنم. من هەر کابرایەکی پەرت بووم و قەت خۆم بۆ کۆ نەکراوەتەوە! ئێستاش بێزار بووم لە نامەی بێگیانی ئەلەکترۆنی، حەوسەڵەی داگرتنەوەی دوگمەکانم نەما و بە ساردوسڕیی تەلەفۆن ڕەقهەڵاتووم. من هەرگیز خۆشیم بە تەکنەلۆژیا نەهاتووە!
+ بەڵام تۆ ...
- تێم بڕوانە، قووڵ سەرنجم بدە و هەست بە ڕاستیی ئەو قسانە بکە کە دەیڵێم، ئەو دێڕە پەرتانەم

لەبیر بکە کە هەنووکە لێم
هەڵوەری. من هاتووم ئەوەندەت
پێ بڵێم کە خۆشم ویستیت و بە
خۆشەویستیت دەسپێرم، ئاخر
شتێك نییە لەم جیهانەدا کە
ئەگەری هەڵوەشاندنەوەی نەبێت،
بمبوورە ...!

هەوا زۆر ساردی کردبوو، تووند باوەشم کردبوو بە خۆمدا، هەڵدەلەرزیم و گازم لە ڕوومەتی خۆم دەگرت، قەمسەڵەکەی داکەند تاکوو من لەبەری بکەم، قبووڵم نەکرد. دەنگی تەپەی پێڵاوەکانی بەسەر ترپە خێراکانی دڵمدا زاڵ بوو. هەستم بە غەریبی دەکرد کە ئەوم لە تەنیشت خۆمەوە دەبینی، هەستم دەکرد هەرگیز بۆ ساتێکی کەمیش چییە من ئەم کوڕەم نەناسیوە!

دوای ئەوە تا بەردەم شوقەکان لەگەڵم هات و ئەو بە هەمان ڕێگاکەدا گەڕایەوە و منیش سەرکەوتمە سەرەوە بۆماڵەوە. هەر کە چوومە ژوور، بە

قورگی پڕگریانەوە خۆم دا بە قەنەفەکەدا، زنجیرەکەی ملم پچڕاند و مەدالیاکەم کە ناوی ئەوی لەسەر هەڵکەندرابوو، ماچ کرد، هەموو قسەکانیشی لە یەکەم ساتی ناسینیەوە تا ئەو شەوە، دەهاتنەوە یادم!

لەو ئێوارەیە بەدواوە، لەبۆ وشەیەك دەگەڕام کە پڕاوپڕی پەیوەندیی ئێمە بێ و ئەو هەست و هەڵوێستانەی پێ ناوبنێم! دڵم هێندەی مەزنی ئەو لە چاومدا، گەورە بوو بەرامبەری، ناسینیم بەرز نرخاند و پاساوم بۆ هەموو لادانێکی هێنایەوە، من لە قووڵاییی ناخمدا ئاواتی هەموو شتێکی باشم بۆ دەخواست و ئەو عەشقەی نێوانمانم وەک مرواریییەک لە شوێنێکی نهێنیی ڕۆحی خۆمدا بۆ تا هەتایە هەڵگرت!

مەخابن ئیتر من ئەوم نەبینییەوە، هەر کەسە و بەجۆرێك بەسەرهاتی ئەوم بۆ دەگێڕێتەوە، هێندە دزێو باسی دەکەن

خەریکە پەرت پەرت ببم بە دەیان پارچەوە ...!
دەشزانم، ئێستاکە لە هەر کوێیەك بێ، بیرم دەکا، شەوان خەوی لێ ناکەوێ، لە هەر کاتژمێرێکا چەندین جار لەژێر لێویەوە بانگم دەکا، قەدەری دێز و ژانی ویژدان هەراسانیان کردووە، سیگار بە سیگار پێ ئەکا!
منیش!! ئێجگار دەکۆکم، هەناسەم توندە و وەختە بخنکێم بە دووکەڵی جگەرەکانی لێرەوە، قایم هەر دوو گوێم گرتووە کەچی ئەوەندەی نەماوە کەڕ بم بە بیستنی دەنگ و هەناسەی و ناوم لەو دوورەوە! بیـــری نـــاکەم و هەست دەکەم خل خل گەڕاومەتەوە سەر هەوڵدان بۆ گۆڕان و پەیڕەوکردنی نەخشە دۆزەخییەکەم! لەگەڵ بڕێك جیاوازی لە فراوانبوونی ئامانجەکاندا و کامڵبوونی ویست و ئارەزووم! ئیدی من سیماشم وەك جاران شێواو نەماوە، لە بەردەم ئاوێنەکەمدا بەخۆم شێوەیەکم لەسەر ڕووخسارم کێشاوە، شێوەیەك کە دیمەنی لە


پاڵەوانی تراژیدیی ترین سێرك دەچێ،
دەیەوێ پێتان بڵێ ببینن خەندە لەتەك
گریانیش هەڵدەکا! پێستێکی برۆنزی کاڵ،
دوو چاوی هەمیشە فرمێسکاویی گەش بە
قەڵەمی ڕەش، بە قەڵەملێویێکی سووریش
قەوسی دەمێك کە هەردەم پێ دەکەنێت!
لە بیری ئەوەدام کە سنوورێك بۆ سۆزم
بکێشم ...

٢٠٠٥/١٠

*تراویلکە = سراب*
** کۆپلە شیعرێکی (هەندرێن)*

شوێنێکی
نهێنیی
ڕۆحی
خۆم!

# گوڵێك لە گوێزان



ببینە
سوور دەچێتەوە
بە خوێنی هەر دە پەنجەکەم،
ئاخر ئەو دەمەی وەرم گرت،
توند گرتم،
وام زانی چڵێکە
لە
دییەم!

پێت وا نییە؟ ملیۆنان ڕا و ڕووداو و بیرکردنەوەم نەبێت، کە ئارەزوو بکەم بۆتیان باس بکەم. گومانت هەیە لەوەی هەزاران پرسیارم لەلای خۆم مەڵاس نەدابێت؟ پێ نازانیت هۆکاری بێدەربەستیتە زمانم گۆ ناکا و بێدەنگییەکی ئەبەدیم کردۆتە سیمبولی لێدوان؟ بە زمانی ئاماژە، چرپە و هاوار و مەڕاسیمی مەرگی سەدان پەپوولەم گرتۆتە ئەستۆی خۆم. لەگەڵ لێزمەی یادەکانتا، پێ بە دەیان قارچکەئارەزووی هەڵتۆقیودا دەنێم. یەك یەك هەناسە سوارەکانم قووت دەدەمەوە و بە مەرامی قایلبوونیان بە مانەوەیان لە سینەمدا، بەچۆکدا دێم. گەر دەزانیت، چەندە پەستم بە بریا بێسوودەکانم، چەند غەمگینم بەوەی کە ناتوانم ببمە وەڵام، بۆ پرسیارە ئاراستەکراوەکانم، بێهەڵوێستیت، باڵاترین پەرتووکی پیرۆزیتی لا شڕوهوڕ کردم، دڕاندم.

دوور لێرە، باپیرم خەڵوەتێکی بۆ ساز کردووم، لەگەڵ ڕۆحە ماندووەکاندا،

کۆڕێکی لە تەریقەتی حەواندنەوە، بۆ گرتووم. دوور لە من، باپیرم هانا بۆ ئاسمان دەبات، بمپارێزێت، هەتا ئاگر نەمسووتێنێت، سەبووریم بدات، تاکوو مردن نەمگرێنێت. من سەردەمێك دەگەڕێمەوە دواوە، لە ئامێزیدا، دەستی بە قژمدا دێنێ، بە خولیاوە مێژووی مادم پێ ئاشنا دەکات و دەمدوێنێ. دوای کەمێك لە سەرگەرمی و یاریش، پەرداخێك شیرم بۆ دێنێ، پاش ئەوەی خەو چاوەکانمی فڕاند، دێت بە گەرمی دامدەپۆشێ، بە گوێچکەما دەچرپێنێ: "کیژە زێدە ئازیزەکەم، وا ئەمڕۆ ڕۆیی، نەکەی بترسی لە سبەی ..." منیش بە درێژاییی ئەو شەوە، خەونی شیرین دەبینم، بە سبەینێوە، تا سپێدە باپیرم دێ، بە ئەسپایی بە ماچێك بە ئاگام دێنێ.

تا ئێستاکەش ئەو منداڵە، لە کووچەکانی دڵمدا وێڵە، هەتا ئێستاش خەو دەبینێ، سبەی بێت و ئەم ببێتە سەندرێلا* بەڵام ئەوەی کە جودایە، ئێستا دڵی ئەو منداڵە لە لێدانی خۆی بێ مەیلە، هەرچی خواست

و هەستێکی ئازادی هەیە، کۆتە، دیلە. مەخابن کە باپیریشم دوورە لە من، دوورە لێرە.
ئەو ڕۆژەی جێم هێشتی سارد بوو، هەنووکەش بە باسکردنی لەرزم لێ دێ. هێندەم سەرمایە، پێم وایە ئاویزانبوونیش لەگەڵ ئاگر، دادم نادا. ئێستاکە بە ڕەنگی سپی و ڕەش، دەمەوێ نیگاری شەوێك بکێشم لە سەهۆڵ، بەڕەنگی سپی و ڕەش، دەمەوێ نیگای خۆم و خۆت بکێشم لە شووشە و لە خۆڵ، ئەمانە و بازنەی زەمەنێکی دڕ، بە ڕەنگێکی بۆر.
- سەرت بەرز بکەرەوە، هێندە ماندوو بووی، حەوسەڵەی تابلۆکێشانت نەماوە!*
+ لێم گەڕێ، زەمەن هێندەی نەماوە ئاوا بێ.
- ئارام بە هاوڕێ، هەڵدێ ...
+ دەمەوێ بەرلەوەی بینێژم، دوایەمین تابلۆی بکێشم، دەمەوێ دوێنێ و سبەینێش بە ئەمانەت لە ئەمڕۆدا جێ بهێڵم. دەغیلتم، ئەمڕۆ، هێندێك درێژ بە، ڕێم بدە بەر لە ئاوابوون، دوای کێشانی دیمەنە

وەستێنراوەكانی زەمەن، با هەر لەم تابلۆیەدا، مانگ و ڕۆژ پێكەوە جووت بن.
- هەڵدێ ... هەڵدێ ...
+ نازانم! باس لە كام هەڵهاتن دەكەی؟ ئەم دەڤەرە تا بێ بەرەو تاریكی دەچێ، بڕوانە ئاوی ڕووبارەكەی چەند بە خێرایی لێڵ دەبێ ... كوای؟ دیسان دیار نەمای! خواستمە لەگەڵ تەواوبوونی تابلۆكەم بێیتەوە، دەمەوێ پیشانتی بدەم، گەرەكمە لە ماتەمی لەدایكبوونی مردووەكانی و زەماوەندی خەستبوونەوەی ڕەنگە ڕژاوەكانیدا، ئامادە بیت.
دیسان تۆ، تەنیا بووم و ڕوو دەكەمەوە لای تۆ، تۆ دەزانیت ئەوە كێ بوو لەگەڵیدا كەوتبوومە گفتوگۆ؟ من نازانم! دەنگێگە زوو زوو لەگەڵیدا دەدوێم، پێ دەكەنم و دەگرییێم ...
لاكەرەوە، نزیك تر دابنیشە لێم، تا خۆت و چاوت دەبنە پاڵەوانی بەسەرهاتی تابلۆكەم، مەترسە، ئێستا وەك جاران دوو جەمسەری موگناتیسی گلێنەمان بۆ باوەشی یەك ڕا ناكەن، هەنووكە دوو ڕووی

نێگەتیڤن، دوور دەكەونەوە، یەك كێش ناكەن. خۆت مەگۆڕە، من دەتوانم بەم ڕەنگانە شیكترین پۆشاكت لەبەر كەم، بەڵام نا، شتی وا ناكەم. من بە ڕووتی نەخشت دەكەم، زەخرەفە لە ڕیشتا ناكەم و كرێمیش لە قژت نادەم. دەهێڵم، ڕەنگە دێزەكان ئەڵقە ئەڵقەی زنجیرەكەی ملت بكێشن، تا دەبنە ئەو زرێ ژەنگینەی لەگەڵ بازنەی بۆر و هێڵە چەوتەكاندا بەندیان كردووی، تۆش بویتەتە كۆیلەیەكی چەماوەیان، یەكبینە دەكرۆزێیتەوە و قایلیت بە گشت تانە و داوێكیان. ڕووم تێ كە، دەمەوێت پێكەنینێك لەو قاقا بێگەردانەت بكێشم، كە پڕمەی گریانم بە ڕوونی لە پشتیانەوە دەبینی! ئەو قاقایانەت كە دوێكە توێ توێ جەستەیان لە هۆش دەخستم، ئەورۆ خاوم دەكەنەوە و سبەی پێیان بوومەتە پێستێكی پیرەڵۆكی شەقار شەقار، چ باكم نابێت، لە بڵندی و هێمنییان. مۆڵەتم بدە هەندێ لەو ساتانە بكێشم كە سنگت مۆمیا دەكرد بە سەهۆڵ، كاتێك سەرم لێ نزیك

دەکردەوە پێ نەدەگەشتم پێت بڵێم لە ناو تۆدا گوێم لە نێڵەی گڕکانێکە ... دەکەوتمە ژێر هەرەسی بەفر! چەند غەمناك بوو کە دەمبینی سیناریۆی گێلترین کەسایەتی مۆنتاژ دەکەی و پاڵەوانەکەشی خۆت بووی! جێی کەسەر بوو کە دەستەوەستان دەوەستای، ترسنۆك بووی! وەلێ لە من وابوو شێری، بەڵام نەمبینی لەبەرتدا، غەیری بەرگی ڕێوی! هەر ئەو دەمانە، چاوی ئومێدت نابینا کردم، هێزت لە ئەژنۆی ئاواتم بڕی* پەلەت نەبێ، سەرمامە و شەڕ بە ڕەنگەکان دەفرۆشم، سەرمامە و تەنیا خەمم، بێزاربوونی ڕۆحم لە جەستەم و جەستەم لە ڕۆحم، نییە، دەترسم تابلۆکەشم لە بەهێز داگرتنی فلچەکەی دەستم زیز و لە هێڵە هێمنەکانم وەڕس بێ! ئاوابوونی زەمەنیش نزیکە، چاوە چاوەڕێکان لە تابلۆکەدا، پاڵەوانی ماراسۆنێکن بەدەوری مەیدانێکی خڕدا، لە ڕیزەکانی پێشەوەدا، لە گەرمەی ڕاکردندایە، بە هەناسە بڕکێوە نزای

درێژبوونەوەی کات و کورتبوونەوەی مەودای لەپێشماوی دەکات، هاوکات بیر لەوە دەکاتەوە، ئاخۆ کە گەیشت، ئەو لەوێ چاوەڕێی دەکات؟ پێڵووەکانی بە ئەسپایی لێك دەنێ، بیری خیانەتی لێ دەکات، سەرزەنشتەکانی ئەو و جێهێشتنی بێباکانەی لە یاد دەکات، دەیەوێ کە گەیشت زمانی وشکهەڵاتووی، بە ئەشکی حەپسکراوی ئەو تەڕ کات، دەڵێ تینووێتیم دەشکێنێ، لە باوەشیا ماندوویەتیم دەڕەوێنێ. گڤەی مونافیسەکەی پشتەوەی کە بە تیژی بەلایدا تێپەڕ دەبێ، دەیهەژێنێ، دواکەوتن بە ئاگای دێنێ، ئەم نابێت ورە بەر بدات، هەنگاوی خێراتر دەنێ، دەگاتەوە ڕیزەکانی پێشەوە، سێ، دوو، یەك هەنگاوی ماوە بگاتە ئەوەی گوریسەکە بپچڕێنێ، بەڵام یەقینی تەنیایی لەودیوەوە، دەیپروێنێ، بەر لەوەی بگاتە ئەوێ، ئەفسووس، ئەم لە پێ دەکەوێ.

لێرەدا، تابلۆکەم بێ ئارایشت لە پێشانگای ئاوابوون لە دوورگە بە

بەستەڵەکبووەکاندا، پێشوازی لە ئامادەبووان، خوڵقی کاروانچییەکان و بانگهێشتی دوور و نزیك دەکات، بۆ نمایشکردنی ڕەنگەکان. وەلێ کەس بەدەم بانگەوازەکەوە نایەت، تەنیا یەك کاروانچی نەبێ ملی ڕێی بەرەو ئێرەیە، پێدەچێ بێئاگا بێ لەوەی ئاڕاستەی هەنگاوەکانی گۆڕیوە، ئاخر بەرگێکی لە ڕەنگی پەلکەزێڕینە پۆشیوە!

ئامادەبووان پێنج و دوو کەسێکن، لە ناویاندا ژنێك منداڵێکی ساڵەوەختینەی بە کۆڵەوەیە، لووتی سوور سوور هەڵگەڕاوە، فرمێسکەکانی بە ڕوومەتەکانییەوە بەستوێتی، لێوی شین بۆتەوە، ئاوساوە. گەرچی وردە، ئەو منداڵە, بە سۆمای ئاوئاسایا دیارە، نەفرەت لە ڕۆژی بوونی خۆی دەکا، جەستەی سەرتاپا قەتماغەی برینێکی تەڕی سارییە، دەست بە دووعایە چ زووتر نییە زەمەن ئاوا بێ، لە گەروویدا قەتیس ماوە، هاوار کا، کێ بەرپرسیارە ...؟

- چ سامناکە! گوڵێك ...

+ ئا باش بوو هاتیتەوە، سەرنج بدە تابلۆکەم، بڕوانە گەڵاکانی، ئەمە قەدەکەیەتی و ئەوەش پەڕەکانی ... ببینە سوور دەچێتەوە بە خوێنی هەر دە پەنجەکەم، ئاخر ئەو دەمەی وەرم گرت توند گرتم، وام زانی چڵێکە لە دییەم.
- هـ ە ڵـ..
+ نایەت، هەڵـ نـ ا یـ ە ت، چیتر فریوم مەدە بە نەبوو، تەماشا ئەو سوارەش هەر نەگەیشت، هاکا لە ناو تاریکیدا ون بوو ... ماوە بڵێم من بەڵێنم دابوو بە خۆر، بەر لە ناشتنی شازادەی شەهیدبووی دەستی زوڵم و زۆر، هێمایەك بۆ بێغیرەتیی دڵدارەکەی بێنمە گۆڕ، نیگارێك پڕ بە پێستی ئەو، بێ گۆڕان، دەریایەك بێت، وەستاو لە شەپۆلدان، وێنەیەك بە یادگاری بۆ ژیان، تابلۆکەم گوڵێکە لە گوێزان.

٢٠٠٤/٠١

*سەندرێلا؛ پاڵەوانی ئەفسانە چیرۆکێك.*
*' دێڕە شیعرێکی (ئومێد محەمەد).*
** لە دێڕە گۆرانییەکی (شەهێن تاڵەبانی)یەوە.*

لەگەڵ لێزمەی یادەکانتا
پێ
بە
دەیان
قارچکەئارەزووی
هەڵتۆقیوودا
دەنێم!

# چاوە گریاوەکان پێکەنین



*ئەم، دڵنیا بوو لەوەی*
*کە ئەو سەفەرە، واتە گۆڕان!*

بە بەر باراندا دەڕۆیشت،
هێواش هێواش هەنگاوی دەنا و بەوردی سەیری ئەو دڵۆپانەی دەکرد کە دەکەوتنە سەر قۆڵی. دەستی بۆ هەورەکان دەگرتەوە تا بڕێك زیاتر باران لەسەر لەپەکانی دەستی بمێنێتەوە. چاوەکانی دەنووقاند و بەرکەوتنی دڵۆپەکانی بارانی لێ دەبوو بە بەرکەوتنی دەستی ئەو، چاوەکانی دەکردەوە بارینی دڵۆپە فرمێسکەکانی چاوی لە باران خێراتر دایان دەکرد. لەگەڵ خلیسکاندنی هەر دڵۆپێکی باران لە سەر قۆڵەکانی دادەچڵەکی!
لە خەیاڵدا نەبوو، بەڵکە خەیاڵی هەر لای خەونەکانی جارانی و ئەو ڕاستییانە بوو کە بەئاگایان هێنایەوە. ئەو خەونانەی کە گەیاندبوویانە لووتکە و، ئەو ڕاستییانەی کە بێ پرس و، بێ پەروا تلیان کردەوە. ئەمڕۆش وەك جاران دەچووە ژووانی تاقەدارەکە، ئەو دارە زڕەی لە ژێریا خەونەکانی دیبوو، وشە بە وشەی نامەکانی ئەوی بۆ خوێندبووەوە و، باسی بۆنی خاك و، سکاڵای ڕەقیی بەردی

لای کردبوو. دەبێ بچێتە لای و بەسەرهاتی سەفەرەکەی بۆ بگێڕێتەوە، ئەو سەفەرەی کە لەساتێکی پڕدڵەڕاوکێ و، بە ڕۆژانێکی پڕترس و، شەوانێکی پڕ لە قیروسیا، بڕیاری بۆ دابوو. خەمی بوو بەرگەی ئەو تێڕوانینانە نەگرێ و، شکاندنەوەی تیشکی گومان و بەزەیی لە چاویاندا هەپرون بەهەپروونی بکات. ئەم دڵنیا بوو لەوەی کە ئەو سەفەرە واتە گۆڕان، واتە یەکلاییبوونەوە و، بەتەمبوونی بەڵێنە ناڕاستەوخۆکان!

دەبوو گۆڕان ڕوو بدا، ئامادە بوو بەرەنگاری هەڵوێستەکان ببێتەوە و، دەیویست بە ئەنجامەکان بگات. بەڵام سەخت بوو لە بەڵێنەکانی ئەو خۆش بێ و، خۆی لە خۆرگیران بە دەستی مرۆڤ بێدەنگ بکات! تاوان بوو لای تاقانەترین کۆرپەی خۆشەویستیی لەبار ببات!

+ هەست بە بوونی گیانێك دەکەم، گیانێك لە بیابانێکا تینوو، تەنیا، تاساو. بە جەستە لە مرۆڤ دەکا و دوو باڵیشی هەیە بێهێز، سڕکراو! قورگی پڕ

بووە لە خۆڵی بیابان، چاوەکانی لێوانلێون لە گریان، سیمای تێکەڵی گەردەلوولی تۆزە، ڕۆحێکی نامۆیە بە ژیان. تۆ ئەی تاقە دارەکە، چیتر ڕێ مەدە وەك جاران خەون لە ژێرتا ببینم، چیتر مەهێڵە تەگبیری ژووانی ئەوت بۆ بکەم. لەبیرتە کاتێك یەکەم پەیامیم پێ گەیشت چەند بەسانایی باسیم لێوە کرد؟! ئەی ئەو کاتانەی دەمگوت مەحاڵە من لە دڵی خۆشمدا بڵێم خۆشم دەوێت! ئەی ئەوە چ کاتێك بوو گوتم خۆشم دەوێت؟! خۆشم دەوێت و، دەمەوێت زەوی و ئاسمانی لێ ئاگادار بکەم! پڕ بەدڵ حەز دەکەم لەگەڵ گەیشتنم بە هەر کەسێك، گوڵێك، مەلێك ... باسی ئەوی لەلا بکەم. بیرتە؟ باسی ئەوێم بۆ دەکردیت، ئەوێ و سەردەمی منداڵی، ئەو منداڵییەی خەونی گەورەبوونم تێدا دەبینی، گەورەبوونێك (جۆناسان*)ئاسا، "ئامانجێکی بەرزتری لە ژیانی ئاساییی تێدا بدۆزمەوە، لە گەلە و، دابو نەریت و، یاسا سواوەکان یاخی بم و، لەڕێی کامڵبوونی ئیرادەی ڕۆحی

بەرزەفڕەوە شەوەزەنگەکان ببرم و، لە هەڵدێرە سەختەکان بپەڕمەوە" باسی ئەویم بۆ دەکردیت، ئەویَ کە شەرمی شکاندم، لە مانای زۆر وشەی گەیاندم، ئەویَ کە لە قوڵپی گریانا خەندە و، لە نێڵەی ئاگرا بەستە و مەستبوون بە بۆنی گوڵ و خۆڵی و لە بۆشاییی بێداریدا هیوای پیَ ناساندم.

ئەم سەفەرە کە چوومەوە ئەویَ یەکجار نامۆ بوو پێم! یاسا سواوەکان لەوێش وەکوو داڵێکی برسی بێڕەحمانە بەر دەبوونە جەستەی ڕووتم، ونجڕ ونجڕیان دەکردم. چاوە بزەکانی دابونەرێتیش بە ڕۆژی ڕووناك دەیانتۆقاندم، هەر بە گەیشتنم نهێنیی خەیاڵێکیخاویان لا درکاندم!

- بەخێر بێیتەوە، شارەکەت ڕووناك کردەوە، چیتر شەو نابینین لێرە، یاخوا بەخێر بێیتەوە. (لەگەڵ ئەم قسانەدا بە دوودڵی دەستی هێنا تەوقەی لەگەڵ کردم!)

+ بژیت سوپاست دەکەم، تۆ بەخێر بێیت، شار بەخۆتانەوە ڕووناکە.

ئەمەم گوت و، دوور لەو دانیشتم; دەزانی چۆن؟ چاوەڕێی نامەکانتم دەکرد، بەبێ ئۆقرە دادەنیشتم چاوم لە سندووقی پۆستەکە نەدەترووکاند. کاغەزەکانم دەردەهێنا و دەستم دەکرد بە یاری ناپلیۆن، جارێك، دووان، دە ... بەو مەبەستەی بزانم نامەتم پێ دەگات یان نا! ئەو کاتانەی ناپلیۆنەکەم بۆ دەر نەدەچوو دەمگوت من بڕوام بەم ئەفسانانە نییە، ئەمە تەنیا یارییە و هیچی تر. ئەو کاتانەشی کە یارییەکەم بۆ دەر دەچوو، دڵی خۆمم پێ خۆش دەکرد، دەگات، پەیامیم پێ دەگات. هەرکە گوێبیستی دەنگی پۆست دەبووم، لێدانی دڵم خێراتر دەبوو، بەپەلە دەچووم سەیری نامەکانم دەکرد. هەر بە بینینی ناوی تۆ بەرز دەفڕیم، لەو بڕوایەشدا بووم کەس بەو جێگایە نەگەشتبێت کە منی لێم. تا لەگەڵ نووسینەکانتدا دەبووم لەسەر ئەستێرەیەکی دی بووم، ئەستێرەیەکی پەمەیی دوور لە ڕەشی، دوور لە ڕەقی، دوور لە مرۆڤسالاری! ئەوکاتانەی کە

نەشدەهاتیت ژان پاڵەوانی تراژیدیاترین شانۆ بوو بۆ ژیان، جەستەشم بۆ ڕۆحم گۆڕستان.
- دەی من کاتم درەنگ کرد دەبێت بڕۆم، جارێکی تر بەخێر بێنەوە، خۆشحاڵ بووم بە بینینت، ئاگاشمان لەیەك دەبێتەوە.
+ ئا، بێگومان ئاگامان لەیەك دەبێتەوە! منیش شاد بووم بە بینینتان!
ئەو ڕۆیی ... کەڕۆیی ئینجا هەستم کرد ئەو لەگەڵ من لەوێ بووبوو!! گلەییی ئەوەم لەخۆم کرد کە بەدرێژاییی کاتی دانیشتنمان گوێی لە دەنگم نەبوو! ئەمگوت بۆچی قسەم نەکرد. خۆ ناشزانێت من بە بێدەنگ باسی چاوەڕوانی و، پێکەنین و گریانمم لەگەڵ نامەکانیا بۆ دەکرد! ئەو کە ڕۆیی، بە ڕۆشتنی تەنیا لەو ژوورەیا جێی نەهێشتم، ویستی پێم بڵێ بمبوورە چیتر ناتوانم لەسەر تەختەی شانۆی خەونەکانمان ڕۆڵ ببینم! ڕۆشت، لەگەڵ بەڵێنە بێنازەکان و، ئەو دەقانەی کە لە قووڵاییی بیرما تۆوی کردبوون بەجێی هێشتم. ئەو ڕۆیی، چونکە ئەو

پابەندی دابونەریت و، یاساکانی گەلە بوو لەوێ. پێی وابوو ئەگەر یاخی ببێت لێیان ژیانی یەکسان بێت بە نائارامی، سەرەڕای زیزبوونی ئازیزان!!! دەیگوت خۆشەویستی بەتەنیا بەس نییە، باشتر وایە ڕازی بین بەو فەرمانە نەویستانەی کە گەلە چەسپاندوێتی بەسەرمانا! ئەو کەسێکی گوێڕایەڵ یان بە ڕووکەش گوێڕایەڵ بوو بەرامبەر بە یاسا سواوەکان. منیش سەرشێتێکی یاخی، بریندارترین گیان بووم بە دەنووکیان! نەمتوانی لەگەڵیان ڕێ بکەم. ئاخۆ لەبەر بێهێزیی باڵەکانی گیانی من بوو؟! یان بێهێزیی ویژدانیان؟!!!

دوایەمین جار کە بینیم، هات ماڵاواییم لێ بکات، (ئەمجارەیان پێش ئەوەی هیچ بڵێت دەستی هێنا تەوقە بکات!)

- هەر دەڕۆیت دەڕۆیت، حەزمان دەکرد زیاتر لەلامان بوویتایە، من دەزانم پەشیمان دەبیتەوە، بیرمان ئەکەیت. یەکەمجار بوو لە نزیکەوە سەیری زەریای

چاوی بکەم، دەستیشم هەر لە دەستیا بوو..

+ لەلاشتان بم بیرتان ئەکەم.

باران بەردەوام دەباری، کاتیش درەنگ بوو، ڕووناکی لەئاسماندا نەمابوو. دوو پاسەوان بە لایتەوە بە گۆڕەپانەکەدا دەگەڕان بەرێکەوت کچێکیان بینی قۆڵی لەسەر ئەژنۆی و، سەریشی لەسەر قۆڵی، لەژێر دارێکا دانیشتووە. لێی نزیك بوونەوە، ڕووناکیی لایتەکەیان خستە سەر و، بانگیان کرد، وەڵامی نەبوو.

_ پێ دەچێت بارانی ئەمڕۆ هەر بەسەر ئەم کچەدا بارییێت! هەموو گیانی ئاوە.

_ ئاگاشی لە خۆی نەماوە، خێرا ئۆتۆمبێلەکە ئامادە بکە دەیبەین بۆ نەخۆشخانە. بەڵام کات تەنیا بە تاریکبوونی ئاسمان درەنگ نەبوو، کات بۆ گەیاندنییە نەخۆشخانە درەنگتر بوو!

_ لەئەنجامی بەتوندی ڕووخانی دەروونیی، تووشی خوێن بەربوونی ژێرپێست بووە. کاتیش درەنگە بۆ چارەسەر، دڵگرانم بۆی.

کاتێك گوێی لە قسەکانی پزیشکەکە بوو، لە خۆشیدا لێدانی دڵی خێراتر بوو! یەکەم جار بوو دوای سەفەرەکەی هەست بە بوونی خۆی لەسەر ئەستێرە پەمەییەکە بکات، ئەو ئەستێرەیەی کە لەگەڵ پەیامەکانی ئەودا دەیگەیشتێ! دەیویست پێیان بڵێت دڵگران مەبن چونکە گەر ئاوا نەبوایە، دەبوایە من باڵاترین خۆشەویستی، نازدارترین ساوای عەشقم بە دەستی خۆم بکوشتایە بەپێی یاسا چەسپاوەکان، من دڵخۆشم بەوەی ئیتر تـــاهەتایە کۆرپەی خولْقاو، دروستبوو لە تەم، ئاگر و ئاو، لەگەڵ ڕۆحمدایە دوور دوور لە چاوە بزەکان، ئاوێتەی گیانمە لەوێ، دوور لێرە، دوور لە کارلێك لەگەڵ گومـــان. بۆ ئەوەی گوزارشت لەمە بکات چاوەکانی هەڵبڕی، سەیری پزیشك و، پەرستیارەکانی کرد و، هەر بە چاو، بەنەرمی پێکەنی!

٢٠٠٣/٠٧

** جۆناسان؛ پاڵەوانی ڕۆمانی (نەورەس/ ڕیچارد باخ)*

*لە لاشتان بم، بیرتان ئەکەم!*

سٹی ٹی ٹی...

۳ 3

چاوەڕێـــم،
بە ئازارە
خۆڕسك، خەڵككرد و خۆكردەكانم
ڕابێم،
چاوەڕێم!

ئەو گۆرانییەی چەند ڕۆژێك
بوو چاوەڕێی بیستنی بوو، تەواو بوو. بە کۆنترۆڵی سەر مێزەکەی بەردەمی، تەلەفیزیۆنەکەی کز کرد و ژوورەکەی جێ هێشت. ئەم دەتۆرێت لە تەواوبوون، ڕقی دنیای لە کۆتاییەکانە، پەست دەبێت بە ئارەزووی ونبوون. ئاخر پاش چەند ساڵێك لە پێوابوون، بە زایەڵەی (تەواو، هەموو شتێ کۆتایی هات) بێدەنگی شکاند. بێدەنگییەك کە پتر لە دەربڕین بە قسەکردن لەگەڵیدا دەدوا و مەنگتر لە ئەندێشەکانی گوێگری بوو.

"سیما" لە قۆناغی سێ، لە کۆلێژی ئابووری دەخوێنێت. زۆر جار سکاڵای نابەدڵی بوارەکەی دەکات، هەمیشە لەگەڵ هەڵکێشانی هەناسەیەکی قـــووڵ دەڵێت: وتراوە: ئەو ئازارەی ناتوانیت لێی ڕەتبیت، پێی ڕادێیت!" منیش هەر چاوەڕێـــم، بە ئازارە خۆڕسك، خەڵککرد و خۆکردەکانم ڕابێم! چاوەڕێم ...

خوێندکارێکی چالاکە، کچێکی وابەستە و لەسەرخۆیە، ئەگەر بیشیدوێنیت

کاردانەوەی بەجۆرێکە وا هەست دەکەیت سەردەمێك بێت بیناسیت، کاتی وتووێژ بۆ بەرامبەر گەشبینە و مرۆڤ بە ڕێگا چارەی هەموو کێشەکان دەبینێت. لەگەڵ ئەمانەشدا بۆ خۆی خواستەکانی نادیارن و بە دروستبوونی هەر پرسیارێك لای، سێ وەڵامی دوور لەیەك، لە گێژاوێکدا داماو و ماندووی دەکەن! ئەم نهێنییەك لە ناخیدایە، شەوانە خەو لە چاوانی دەزڕێنێت، بە ڕۆژ دەیکاتە مەلێکی پەڕوباڵکراو و ئێوارانیش لەگەڵ لەخاچدانی خۆردا لە کەنار دەریا دەیچێنێت. هۆی بێدەنگیی ئەو سێ ساڵەشی لەگەڵ یاددا هەر ترسی بوو، لەو هەژدیهایەی ڕۆژانە خوێنی دەمژێت، دەیکاتە کۆیلەی لاوازیی، توانا و بیر و خواستەکانی لە هەر سێ تەمەنی ساوایی، لاوێتی و کامڵیدا بە زیندوێتی پێدەنێژێت.
**یاد!** ئازیزم، ئەمڕۆ زۆر چاوەڕێم کردی، هەرچەند دەمزانی نایەیت، لە یادیشم نەچووە بڕیار وایە کە چیتر یەك نەبینین! بەڵام چاوەڕێت بووم!!

دوێنێ نامەیەکم لە "بژۆ" و "ئارانجە"وە پێ گەیشت، وێنەیەکیش کە (شۆخ)یشیان لەگەڵدایە. شۆخ و شاد دوو ڕۆحی لێکالاو بوون، بە خۆزگە پەمەییەکانیان دەژیان، هێندە دڵیان بە یەك خۆش بوو جگە لە ڕاگرتنی دڵی یەکتر هیچی تریان نەدەویست لە ژیان. دەڵێن گوایە دایکوباوکی شاد ڕازی نەبوون، بە بەردەوامبوونی پەیوەندییەکەیان. باوکی شۆخ هەڕەشەی کردووە، بە لێککردنیان. شۆخی شەنگیش ئاگری لە گیانی خۆی بەرداوە، بە مەبەستی ترساندنیان! بەلام نە گڕی جەستەی شۆخ، نە بڵێسەی ئەوینێکی ئاوەها تۆخ، توانیوێتی بیری بەستووی ئەوان بتوێنێتەوە، یان تینێ بداتە هەڵوێستی تەزیویان، بەڵکە بوونەتە بینەری درامای سووتـــان! ڕاماون، بە دیار بەخەڵووزبوونی لاشەیەکەوە و بە هەڵمبوونی عەشقێك بۆ ئاسمان.

بـژۆ نووسیوێتی، پاش سەوزبوونی سێ کێڵگە لە ماچ، سێ گورزە دڕك، بۆم بووە داهات. دەڵێت هاوڕێم لەلات سەیر

نەبێت، ئەفسوون سێ بە سێی کردمە خەڵات. تۆ ئاگادار بوویت، ئەوان چییان نەکرد تا گەیشتنە ئەو دیو تەلبەندەکان، چەند جار خەڵتانی خوێن دەبوون و چۆن چاپوکانە سەر دەکەوتنەوە، بۆ ژووان! ...؟؟! ئا بیرم نەچێت کوڕێکی چاوڕەشی جوانیشی بووە، ناوی ناوە "ژان"!!

بەڵام ئارانجە باسی لە سەرابێك خۆشەویستی و سیحری کوێراییداهاتن کردووە! باس لە مەودای نێوان خەون و ڕاستی، باس لە تووشبوون، بە پەتای وەهم، هاوکات لەگەڵ تووشبوون، بە ئەڤینێکی ساری! دەڵێت منیش فریوم خوارد، نابینا بووم، بەرامبەر گێلی و گومرایی. نووسیویشێتی ئارام بە، بەر لەوەی کە خۆم شەهید بم، دەستم نایە بینەقاقای مۆتەکەی مردن، بۆ بوونم!

سیما ڕۆژانە بە تۆمارکردنی یادنامەکانی لەگەڵ یاد دەدوێت، هەتا پەنجەکانی هێزیان تێدا نامێنێت دەنووسێت، ئەوکات قەڵەمەکەی لێ دەکەوێت و بەدەم گریانەوە دەنوێت.

**من**یش ئێستا وەکوو (هەستیار) مەستبوونم لا بەهەستترە، ئاخر مەبەستێك مەستی کردووم، بۆیە مەستیم مەبەستترە. بەڵام هاورێ دێرینەکەم هەنووکەش من کرنووش بۆ خەونەکانم دەبەم، نەکوو لە بێ ئاگاییدا بێ پاکیزەییان بکەم، یان نەوەك لە بێ تۆییدا بێنەوا' بن، منیش بێسەرپەرشتیانکەم! دەشێ وەکوو خەندەلێو' بن، سیما شێواو، بە تەمەنێك ئازارەوە جێگای قێز یان پێکەنینی ئێوە بن! چەند لاواز بووم، من، هەر بە خەیاڵ، بەڵام بە سێ ســـــاڵ چێم کردن! چەند بەهێـــز بووی! تـۆ، بە سێ رۆژ راستی، لاواندتن، رووخاندتن، ونت کردن!!!

ئەمشەو من و ماوەی خەونەکانم بە سێقۆڵی لەگەڵ نهێنیی ناو خرۆکە سوورەکانم، کپتر لە جاران دانیشتووین، جارجار چاوم بەرز دەکەمەوە سەیرێکی وێنەکەت دەکەم، لای چەپە، لەسەر مێزی نووسینەکەم، ئەو کتێبانەی کە بە دیاریش بۆت دەهێنام، لەگەڵ کتێبی زانکۆدا لەلای راست کەڵەکەم کردوون، گلۆپە کزەکەی


### سێێێ

ژوور سەریشم تاوناتاوێك بە سێ ترپە تەزوویەك بە لەشمدا دێنێت. خۆڵ پەنجەرەکەمی لێڵ کردووە، لە دەرەوە ڕەشەبـایە، نازانم برووسکەی هەورە یان گێژەڵوکەیەکە توورە. پێدەچێت عەشقی بەهەڵمبووی شۆخ بێت، بگرمێنێت؟ یان چاوەڕەشەکانـی ژانە، بە پرسیار خاك دەوروژێنێت؟ دەشترسم سیحری کوێربوون بێت هاتبێت گلێنە بڕفێنێت؟!!
کاتژمێر بوو بە سێ، سیما تەواو ماندوو بووبوو، بەر لەوەی پێنووسەکەی لە دەست بکەوێت، بە ئاستەم نووسیی؛
ئەی خـــــــــــــوا!!!
ئەی خوا بۆچی نایەتە دەنگ؟؟؟
بۆچی جـــــــــارێك نابێت بە ڕەنگ*؟؟؟

٢٠٠٣/١٠

*لە دێڕە شیعرێکی شاعیر (محەمەد عومەر عوسمان)ەوە.
''' شاکارەکانـی (ڤیکتۆر هۆگۆ).

# ئەمشەو چ ساردە ئەزمانا!



ئەوپەڕی
ئازار
لە
کرۆکمایە!

ئەڵێن بێئاگایت لە وجوود،
خامۆشە ڕەنگ و ڕووت، بۆ هەناسە تەنگە گەرووت، دەم نا دەمێ بە کارەبا دڵت ئەخەنەوە کار! ئاخ خودایە هاوار هاوار! دێتە بەرچاوم ئێستاکە لەوێ زەمەن وەستاوە، شار پڕێتی لە تاریکی، تۆفانی مەراق هەستاوە! بیرت لەودیو بێهۆشییەوە هەر لەلای جەرگەکانتە و پەلەتە زوو بیانگریتەوە باوەش.
تۆ هەنووکە لە جەنگی مان و نەمانایت و ئەمانت لێرە لە عەزرەتا شیوەن ئەکەن، ئەوانت لەوێ بە دیارتەوە دانیشتوون و چاویان لەسەر ئەو ئامێرە ناتروکێنن کە چۆنێتیی لێدانی دڵێکی گەورە ئەخوێنێتەوە! دە هەندێك کۆڵانەکانی شەکەتی خافڵ کە و بە نیگایەك بڕوانە لە درشت و وردمان، گوێڕادێرە تێکڕا بە دەنگێك پێت ئەڵێین: "هەمووان پەرۆشتین، هەمووان خەمت ئەخۆین، هەمووان بیرت ئەکەین، سەختە بێ تۆ ژیان شاجیهان ...
تا بڵێی ساردە ئەمشەو ئەزیزمان!!!"
٢٠٠٥/١٠/١٨

دوێکە چیم بیست؟
ئەورۆ چییان وت؟
چی ڕووی دا خوایە گیان!

(ئاخ ئەوەی من دیم بەم دوو چاوە،
مەینەتییەکی سووکە ئەمەی بە لاوە،
نەك دایکی کوڕمردوو، دیم کۆرپەی ساوا،
لای مەیتی دایکیا فرمێسك لە چاوا،
کەوتبوو بێ شیر، بێ لاوانەوە،
ناوجەرگی ئینسانی ئەچووزانەوە*)

ئـــــــاخ ئازیزمان، چیدی هیچم نەما بۆ وتن، تۆ نەمایت و من حاڵی نەبووم لە ونبوون، بگرە هەر تێشنەگەیشتم لە پای چی بوو بوون؟؟!
ئـــاخ ئازیزمان، چ سامناکە، دزێوە، ڕەقە، بێڕەحمە، زاڵمە مەرگ و گۆڕستان!
چەند ساویلکەین ئێمەی ئینسان! دوێشەو باوەڕم کردبوو کە هێشتا بەختێکت ماوە بۆ ژیان، دەکرێ بەردەوام بیت لەگەڵمان، دوور نییە تەکنەلۆژیا بەفریات نەکەوێ، یان نزای کۆرپەکانت گیرا بێ، دووبارە

تەندروستیت باش بێ و بگەڕێیتەوە ناومان!
ئەفسووس ئەمانە تەنیا خەیاڵات بوون و تاوێ، نازانم دەکرێ کاری خۆشباوەڕیم بووبێ؟! یان دەکرێ لە ترسان باوەڕم بەو دڵنەوایی و شاردنەوەی مەینەتە کردبێ!
لە ترسان، بەڵێ لە ترسان، لە ترسی مەرگی بێ ویژدان، من ئێستاش باوەڕم نایە مردبی!!! ئاخر مردن دوایین سەفەرە، چۆنچۆنی ساز بوو؟ پرسی بە کێ کرد؟؟ چ کات بردتی؟؟؟؟؟!؟
نـــا باوەڕم بە مەرگت نایە، بەڵام ئاگام لێ بوو دایك و برا و خوشك و هاورێ و کەس و دونیایەك شیوەنی بۆت ئەگێڕا ئەمرۆ!
نـــا باوەڕم بە مەرگت نایێ، بەڵام هەستم بە چەندجارەی پەرێشانی و تەنیابوون بە توانی تاسەری هاوسەرەکەت کرد، ئەمرۆ!
نـــا باوەڕم بە مەرگت نایە، وەلێ لەمرۆوە قریشکەی زامی هەر سێ گوڵەکەت لە گوێمدایە، ساتی بێدەنگی و خۆخواردنەوەشیان لە ناخمایە، مەدەد

خودایە، شێوە و دیمەنی کرووزانەوە و هاوار هاواری کوا دایە دایەی دانووی سێ ساڵان وا لەبەر چاومە، کوێراییم دایێ ...

ناوەخت ڕۆشتی ئازیزمان، ئۆباڵت بە ملی مەرگ ئەجات گیان ... من هەر سڕم و ئەپرسم بۆ؟ قەدەریش سەیرە میهرەبان، ۱۷-۱۰ بابەگەورە جێی هێشتین و ۱۸-۱۰ تۆ!

باوەش بە جەستەی خاك لەباوەشگرتووتا ئەکەم، لە بەردەم ڕۆحی بەرزتا بەچۆکدا دێم، هەم گڕ ئەگرم، هەم ڕۆ ئەچم ، بۆ هەمیشە یادت ئەکەم.

ئەمڕۆش ئەمێنێ ئەمڕۆی نەهات، ئەمڕۆی کارەسات، ئەمڕۆی گریان، ئەمڕۆی کۆچ، ئەمڕۆی دابڕان، ئەمڕۆی سپاردن و سەیوان!!؟!!!!!

بەڵام نـــا، من هەر هەست و باوەڕم بە مەرگت نایە، وەلێ چۆك بووم و ئەوپەڕی ئازار لە کرۆکمایە!

۲۰۰۵/۱۰/۱۹

*(١٨-١٠ بە ئێمەیان وت لە ژووری بوژاندنەوەی دڵە و ماندووە، ١٩-١٠ وتیان هەر لە دوێنێوە گیانی سپاردووە!)*

** کۆپلە شیعرێکی گۆران.*


ئـەڵێن

بێئـاگـایت

لـە

وجوود!

# نامەیەک بۆ بەهەشت



جۆلانە
سپییەکەی
حەوشەکەی
خۆتان!

خەیاڵاندنی بەڕێکەوتنم بەرەو بەهەشت، وەختە شامەرگم بکات، هەر وەك کیژێکی بچکۆلەی عەیار ئەتریقێمەوە و لە پڕیی چاوەکانم بە نوور، بایەمی تیشك لە کەنار و ناوەندی دییەم ئەڕژێ و گیربوونی هەر نیگایەکی، ڕۆح بە بەری بەردیشا ئەکات. بەرجەستەکردنەوەی بۆن و بەرکەوتنەکانی، نووقمی دەریایەك لە نهێنی عەجوول و گەردوونێك عەشقم ئەکات. ئیدی بە هەر چوار ئاراستەکەدا ئەکەومە چرپە و هاوار و بە نیازی ئەوەی بمبیستێ چەندین جار بۆی دووپات ئەکەمەوە؛ لە پێناو ئەوەدا کە بە تۆ بگەم، هەموو شتێك ئەکەم، هەموو شتێك! من بە بیرم نایە سێوێکم بە دزییەوە خواردبێ و لادانێك لامدابێ بێ هۆ، کەچی ئەوەندەم لەبیرە دوور دوور پەڕیمە دەرێی تۆ! شەوانێکی زۆر بۆت گریام، چەنەها ڕۆژ و ساڵ بەدواتا گەڕام، وەلێ نە سۆراغتم زانی و نە بەرامبەر ئەو تاوانەش کەس هاتە گۆ، من هەر ئەوەندەم لەبیرە سوێم بۆوە بـــێ تـــۆ!

بیرت ئەکەم، بەقەد هەموو ئەو جوانییانەی لەسەر بەهەشت بیستوومانن!
خۆشم ئەوێی، بە ئەندازەی پڕمانایی بوونت، هێندەی نزیکی برژانگەکانم کاتێ بۆ بیرکردنەوە لە تۆ لێکیان ئەنێم!
من دەهرێکە لە تۆ جیام و لە نادیاریتا بەدوای خۆشمدا وێڵم، بە ڕۆح و بە جەستەشمەوە دەم نا دەمێ قۆڵ لە قۆڵی یادەکانتا پیاسەی ئێوارەیەکی لێڵم.
ئازیزم ئەشێ تەمەن لەوە کورتتر بێ کە بە شادبوونەوەت ڕابگەم. ژیانیش لەوە بێنرختر نابێ کە من دوور لە تۆ تیایا هەڵ بکەم. خەسڵەتێکی مرۆڤ، لەبیرچوونەوەیە، ڕاستە، من تا گومڕابوون بڕوای پێ ئەکەم، بەڵام ساتێك لەیادکردنی تۆ درۆیە، ئەتوانم بێگومانت بکەم!
هەنووکە، ڕەنگە گرنگ نەبێت باسی ڕابردووت بۆ بکەم، هەموو جووڵە و سووتانە پەپوولەئاساکانت لە خۆما هەڵئەگرم، دڵەڕاوکێ و بەسەربردنی زەمەنێك لە مێردەزمەدا هەر بە خۆم

ئەبرم. نا باس لەوە ناکەم کە ڕۆیی و ئەشمویست داستانی خاڵیبوونەوەی دارستان و پیربوونی دارمێوەکانت بۆ بنووسمەوە، گەرەکم بوو گشت ئەگەرێکی داهاتووت لەم دێڕانەدا بۆ چڕ کەمەوە، هێشوو هێشووی ڕەزی بیرەوەریمت پێ ئەزبەر کەم و خوڕ خوڕ ئێستامت بۆ بهۆنمەوە ...

بڵێ چی؟ دوێنێشەو لە خەومدا تۆ دوو کەس بووی، مناڵیت هەر لەگەڵ مندا سەرگەرمی ڕەهاکردنی ڕاز و یاریکردن بوو! گەورەییشت چەند هەنگاوێ لەولاترەوە، بەهۆی سەرقاڵی و جەنجاڵی ژیانەوە، تەنیا منی لە خەیاڵدا نەبوو! کە بەخەبەرهاتم دڵم زۆر تەنگ بوو، دەپرسم بۆ ئەبێت هەموو دەم شتگەلێ بکەینە قوربانی کۆمەڵێ شتی دی، بۆ نابێ سەرجەمی مافەکان بڵند ڕابگرین، ئەبێ حیکمەتی خاترگرتن و پاراستنی لایەنێك لە چیدا بێت، کاتێك ئازایەتی سەرەتا و کۆتاییی ئەو مانەوەیە، لەسەر بناغەی پشتگوێخستن یان کەوتن و وردبوونی

لایەنێکی تر بێ!؟ (تۆ)م، ورد بڕوانە چواردەورەکەت، گوێبیستی دوورتر بە و دواجار تەنیا بە ناخی خۆتا ڕۆ بچۆ، گرنگە بتوانین خۆمان بین، پێویستە بێ سڵکردنەوە بەتەواوی باوەڕەوە کام هەڵدێرە سەختە بیگرین، ترسمان لە خزان و تێکشکان نەبێ، لە هەوڵدان ئۆقرەمان نەبڕێ و ئامادەی چەند جار دەستپێکردنەوە بین!

چاوەکانم، لە ئێستامدا ئەوەندە نزیك هەستت پێ ئەکەم هەر ئەڵێی لەسەر جۆلانە سپییەکەی حەوشەکەی خۆتانین و لەگەڵ گوژمدان و بە سروشتدانی ئەو خەمانەی کە لە ناخماندا دە هێندەی تەمەن و بالاًمان بوو، بۆت ئەدوێم، لەناکاو نیگام لەسەر ڕەنگی لەپڕپەڕیوت جێگیر ئەبێ، گلێنەم توێ توێ ئاو ئەیبا و بە پڕتاو خۆم ئەخەمە باوەشتەوە. بیر لەوە ئەکەمەوە کە نازانم بۆچی هەمیشە خەمی ئەوەم بوو لە وانەی کیمیادا تۆش ببیتە گەردیلەی پەرشبووی ناو هەوا و چیدی بۆم کۆ نەبیتەوە! زۆر ئەترسام

ئەگەر لە دەمی چوونماندا بۆ نانەواخانەی (ئەمین) توند کەمەرت نەگرم، ببیتە مشتێ ئارد بە دەستمەوە! لەو ڕۆژەوەشی مامۆستای ئایین شایەتمانی فێر کردین و پێی وتین کە ئەبێ هەموو شەوێ بەر لە نووستن بیخوێنین، من خەوم نەمابوو، چونکە بە درێژاییی شەو شایەتمانم ئەخوێند لە جیاتیی تۆ، دایکم و باوکم، خوشك و براکانم، هەموو هاوڕێ، هەموو خزم، هەموو کورد و هەموو جیهانیش، نەکا نووستبن و لەبیرتان کردبێ!! هاوڕێ گیان، هەنووکەش زۆرێك لەو دڵەڕاوکێیانە لە خۆمدا بەدی ئەکەم، بەتەنیا بووکە پەڕۆیینەکەی منداڵیشم ئەزانێ کە بە ژمارەی ئەو هەناسانەی لە دووریی تۆ داومە، بیرت ئەکەم، تەنیا ئەو ئەزانێ چونکە تا ئێستاش ماومە، شەوێك ئەیکەمە تۆ، شەوێك ئەیکەمە کێ و کێ و کێی تر و تا بەرەبەیان باسی بۆ ئەکەم!

من نازانم تۆ لە کوێیت و نامەت بۆ ئەنووسم، نازانم لەگەڵ کێیت و تەنیا

دێیتە هەستم، خواستمە باش بیت و گەر ئێستا بووبیتە دایکی کۆرپە، پڕ خۆشەویستیم پیرۆزباییت لێ ئەکەم!

***(بەهەشت محەمەد ساڵەح)***
بەدواتا ئەگەڕێم!

| دەق | لاپەڕە |
| --- | --- |
| زایەڵەی پارچەپارچەبوون | ٩ |
| تراویلکەی باڵەکان | ٢٧ |
| گوڵێک لە گوێزان | ٤٧ |
| چاوە گریاوەکان پێکەنین | ٥٩ |
| سێیێ | ٧١ |
| ئەمشەو چ ساردە ئەزیزمان | ٧٩ |
| نامەیەک بۆ بەهەشت | ٨٧ |

# Ett brev till paradiset

**Kort novell och prosa**

**AV: Baran**

**2006**